# ئەرك وواجباتى لێپرسراو وكاربەدەستى موسڵمانان بەرامبەر هاوڵاتیان

[ کردي – کوردی – kurdish ]

حاجى ئومێد چروستانى

**پێداچونەوەى:** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ حقوق و واجبات الأمة على الإمام ﴾

« باللغة الكردية »

حاج أوميد جروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 – 1432

IslamHouse.com

# ئەرك وواجباتی لێپرسراو وكاربەدەستی موسڵمانان بەرامبەر هاوڵاتیان

سوپاس وستایش بۆ ئەو پەروەردگارەی كە بەهەق وراستی تەواوی مەخلوقاتەكانی دروستكردوە، ولەناو هەمویشیاندا مرۆڤی كردووە بەسەرداری هەموویان، وئەرك وواجباتی خستوەتە گەردنیەوە، وە درود وصەڵات وسەلامیش بۆ سەر گەورە وسەرداری پێغەمبەران محمد المصطفى وئەهل وبەیت ویار ویاوەران وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕێزان هەڵگرتنی ئەمانەتی لێپرسراویەتی لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ئەركێكی گەورە وگران وقورسە وهەموو كەس توانا وطاقەتی ئەوەی نیە ئەو ئەمانەت و واجبە گەورەیە هەڵگرێت جگە ئەو كەسانە نەبێت خاوەنی عەزم ولێبڕانێكی زۆرن بۆ ئەداكردنی وەك ئەوەی خوا وپێغەمبەرەكەی داوایانكردووە، هەر لەبەر ئەمە بەجێهێنانی ئەم لێپرسراویەتیەش وەك ئەوەی داواكراوە یەكێكە لەگەورەترین عیبادەت وپەرستشەكان بۆ كەسێك بەنیەتی ڕەزامەندی پەروەردگار پێی هەڵبسێت، هەروەك پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) لەفەرموودەیەكی صەحیحدا فەرموویەتی : " سبعة يظلهم الله في ظلّه يوم لا ظل إلا ظله: إمام عادل .... " { أخرجه البخاري، كتاب الاذان، باب من جلس المسجد ينتظر الصلاة، وفضل المساجد رقم الحديث (٦٦٠) ومسلم كتاب الزكاة، باب فضل إخفاء الصدقة، رقم الحديث (١٠٣١) } واتە : خوای گەورە حەوت دەستە وكۆمەڵ ئەخاتە ژێر سێبەرێك كە خۆی دروستی كردووە، لەڕۆژێكدا كەهیچ سێبەرێك نیە جگە لەو سێبەرەی ئەو، یەكەم دەستەیان ئەو كاربەدەست وئیمامەیە كە عادل ودادگەر بوبێت لەگەڵ ژێردەستە و ڕەعیەتەكەیدا .....

ئەوەشی بەڵگەیە لەسەر قورسی وگرانی ئەم كارە ئەو فەرموودەیەیە كە ئیمامی موسلیم لە صەحیحەكەیدا ڕیوایەتی كردوە : عن أبي ذر الغفاري (رضي الله عنه) أن النبي (صلى الله عليه وسلم) قال له في الأمارة : " إنها أمانة وإنها يوم القيامة خزي وندامة إلا من أخذها بحقها وأدى الذي عليه فيها " {أخرجه مسلم فى صحيحه كتاب الأمارة، باب كراهة الأمارة بغير ضرورة، رقم الحديث (١٨٢٥) } ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) كاتێك بوو كە ئەبو ذەر ووتی بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) كە لێپرسراویەتیەكی بداتێ و بیكات بەكاربەدەست لەجێگایەك،

پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) لەوەڵامدا پێی فەرموو : ئەوەی تۆ داوای دەکەیت ئەمانەتێکی گەورە و گرانە، لە ڕۆژی قیامەتیشدا خاوەنەکەی ڕسوا دەکات وبەشیمانیشی لەدوایە، ئەو کەسە نەبێت بتوانێت بەشێوەیەکی ڕاست ودروست وەری بگرێت وئەوەیشی لەسەری واجبە بەچاکی جێ بەجێی بکات .

بۆیە دەبینین زۆرێك لە پیاوچاکان و سەلەفی صاڵحی ئومەتی ئیسلام ڕایان کردووە لە لێپرسراویەتی و وەرگرتنی کاربەدەستی لەو دەسەڵات وحکومەتەی کە بەدرێژای مێژوو ئیسلام وموسڵمانان هەیان بووە،کە زۆر ترساوون لەو هەڕەشانەی کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کردوویەتی لە کاربەدەستانێك کە دادگەر و عادل نەبن لەگەڵ ژێردەست و ڕەعیەتەکانیاندا، وەك فەرموویەتی : "ما من عبد يسترعيه الله رعية يموت يوم يموت وهو غاش لرعيته إلا حرم الله عليه الجنة " { رواه مسلم، كتاب الإيمان، باب استحقاق الوالي الغاش لرعيته النار، رقم الحديث (١٤٢)} واتە : هەر کەسێك خوای گەورە بیکات بە لێپرسراوی کۆمەڵێك کەس ولەگەڵیاندا گیزکار و نادادپەروەرە بێت، ئەوە پەروەردگار بەهەشتی لێ حەرام دەکات ...

جا بۆیە هەوڵدان وپەلاماردان و خۆ بردنە پێشەوە بۆ لێپرسراویەتی کارێکی نەشیاوە وهەرکەسێك بە ڕوغبەت وحەز وئارەزووی خۆی داوای کردبێت، نەیدراوەتیە، هەروەك لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە،" والله إنّا لا نعطي هذا الأمر أحدا سأله و لا أحدا حرص عليه" واتە : سوێند بێت بەخوای گەورە ئێمە ئەم کارو لێپرسراویەتیە نادەین بەکەسێك کە خۆی داوای بکات یان سوور بێت لەسەری بۆ وەرگرتنی .

بەڵام کەسێك ئەگەر زانی تواناى ئەوەی هەیە و لەخۆی ڕادەبینی کە بەو شێوەیەی خوا وپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) داوایانکردوە جێ بەجێی بکات وکەسی تریش نەبوو ئەو کارەی پێ بسپێرێت، ئەوە زانایان بەلایانەوە دروستە ئەو کەسە داوای ئەو پلە ولێپرسراویەتیە بکات، ئەویش بەبەڵگەی ئەوەی کە یوسف پێغەمبەر (عليه السلام) کاتێك لای عەزیزی میصر زانی کەسێك نیە ئەو کارە بەو شێوەیەی خوا دەیەوێت جێ بەجێی بکات فەرمووی : ( اجعلني عَلَى خَزَائِنِ الأَرضِ إِنّي حَفيظٌ عَليمٌ ) {يوسف : ٥٥} واتە : یوسف فەرمووی (بە پادشا) لەسەر خەزنە و دارایی زەوی (میسر) دامنێ بەڕاستی من پارێزەرێکی شارەزام .

خۆشەویستان ئێستاش دێینە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکەمان ئەویش باسکردنە لە ئەرك و واجباتی لێپرسراو وکاربەدەستی موسڵمانان بەرامبەر هاوڵاتیان :

### (أ) واجب وئەرکە بنەڕەتیەکانی ئیمام و کاربەدەستان :

واجبی یەکەم وئەرکی بنەڕەتی کە هەموو واجبە شەرعیەکانی لەخۆ گرتووە بریتیە لە : دەستەبەرکردن وتەحقیقکردنی ئەو ئەرکانەی کە لێپرسراوان وئیمامەتی گەورەی بۆ دەست نیشان کراوە ئەویش بە تەعبیرێکی کوورت بریتیە لە ( پێشەوایەتی دین وسیاسەتی دونیا وبەڕێوەبردنی کارەکانی بە پێی شەریعەتی ئیسلام ) .

**مەبەستی یەکەم :** پەرەوکردنی دین وجێ بەجێکردنی کە خۆی لەم کارانەدا دەبینێتەوە :

یەکەم : پاراستنی دین، ئەویش بەم هۆکارانەی خوارەوە :

١ - بڵاوکردنەوەی دین وبانگەواز بۆ کردنی بە پێنووس وزمان وپارێزگاری لێکردنی .

٢ - بەرپەرچدانەوەی هەموو ئەو گومانانە نادروستانەی دروست دەکرێن بۆ دین پووچکردنەوەیان بە بەڵگەی زانستی لەقورئان و سونەت وزانستە سەردەمیەکان .

٣ - پارێزگاری کردن لەسنوور و دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی، هەتاوەکو تەواوی موسڵمانان ئەمین و دڵ ئارام بن لە دین وگیان وماڵ وشەرەف و ناموسیان .

دووەم : جێ بەجێکردنی فەرمانەکانی دین، ئەویش بە :

١ - بە بەرپاکردنی شەریعەتی ئیسلام ووسنووەرکانی دین وجێ بەجێکردنی حوکمەکانی، کە هەر یەك لە کۆکردنەوەی زەکات لە دەوڵەمەندەکان ودابەشکردنی بەسەر هەژاران ورێکخستنی سوپای ووڵات و دیاریکردنی دادوەرەکان لە پێناو یەکلایی کردنەوەی ناکۆکی دانیشتوان و وحوکم کردن لەنێوانیاندا بە گوێرەی شەرعی خودا وجێ بەجێ کردنی ئەو حکومانەی کە خوای گەورە لە قورئاندا باسی کردوون بە تایبەتی ئەو حکومانەی کە دەبنە مایەی بڵاوکرنەوەی عەدالەت ودڵنیایی هاوڵاتیان لەدین وگیان و سەروەت و سامان و شەرەف وناموسیان ...

٢ - ملکەچکردنی خەڵکی بۆ ئەو حوکمانە ئەویش بەهاندانی خەڵکی وترساندنیان بەجێ کردنی سزا یاساییەکانی شەریعەتی ئیسلام ئەگەر بێتو ملکەچ نەبن بۆی .

**مەبەستی دووەم :** سیاسەت کردن و بەڕێوەبردنی وولات  بەم دینە :

ئەمەیش مەبەست پێی حوکم کردنە بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام وئەوەی پەروەردگار ناردویەتیە خوارەوە بۆ پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) لەتەواوی بوارە جیا جیاکانی ژیاندا، لەبەر ڕۆشنایی ئەم مەبەستەشەوە چەند مەبەستێکی فەرعی خۆی دەبینێتەوە، لەوانەش :

١ - هەستان بەجێ بەجێ کردنی مافەکانی هاوڵاتیان وداواکاریەکانیان بە هەموو چین وتوێژە جیاجیاکانیانەوە .

٢ - یەکخستنی ووتە وریزی کۆمەڵگە، بەشێوەیەك ڕێ بگرێت لە جیاوازی وناکۆکی دروست بوون لە نێوانیاندا، ئەمەش بەوە دەبێت کە کاربەدەستان بەهەموویانەوە ڕێبگرن لە گەندەڵکاری بەهەموو شێوازەکانیانەوە، کە وابکات لە هاوڵاتیان جیاوازی نەبینین لە نێوان خۆیان و کاربەدەستان لە ڕووی خزمەتگوزاری و ئیمتیازاتەوە .

٣ - هەوڵدان بۆ ئاوەدانکردنەوەی وولات لەهەموو ڕویەکەوە، لە ڕووی پەرە پێدان بەژێرخانی ئابووری ودەستەبەرکردنی هەموو خزمەتگوزاریە جیاجیاکان بۆ تەواوی خەڵکی بەبێ جیاوازی و بەکارهێنانی خێر وبێری سەروەت وسامان وبوودجەی وولات لەخزمەتی دین و ژینی هاوڵاتیاندا .

**(ب) واجب وئەرکە هەنووکەی وفەرعیەکانی :**

سەرەڕای ئەو واجب وئەرکانەی کە باسمانکردن هەندێك ئەرك و واجبی هەنووکەیی وفەرعیش هەیە کە لەئامانجە سەرکیەکانی ئیمام وکاربەدەستان ناژمێرێن، بەڵام وەسیلە وهۆکارن بۆ جێ بەجێکردن و تەحقیقکردنی ئامانج وئەرکە سەرەکیەکان، ئەمەیش لە بەر ڕۆشنایی ئەو قاعدە وبنەما ئوصولّیەی کە دەڵێت : " ما لا يتم الواجب إلا به فهو واجب " واتە : هەرکاتێك جێ بەجێکردنی واجبێك وەستایە سەر هۆکارێك، ئەوا گرتنە بەری ئەو هۆکارەش واجب دەبێت .

کەواتە گرتنە بەری ئەو هۆکارە هەنووکەی وفەرعیانەش بەهەمان شێوە واجب دەبن لە سەر کاربەدەستی موسڵمانان .

ئەو واجب وئەرکە هەنووکەیانەش بریتین لە :

**یەکەم :** تەواوی هەق ومافە داراییەکان بۆ (بيت المال ) و وەزارەتی دارایی دەستە بەربکات بەشێوەیەك بتوانێت ئەرکەکانی پێ جێ بەجێ بکات .

**دووەم :** گرنگیدان بە کەسانی هەق بێژ وئەوانەیش دەبن بەهۆی دادگەری وعەدالەت لەنێو کۆمەڵگەدا .

**سێهەم :** سەرپەرشتیکردنی ڕێکخستنی کاروبارەکانی دەوڵەت وهاوڵاتیان وبەسەرکردنەوەی تەواوی ژێردەستەکانی لەهەموو شوێنە جیاجیاکانی ووڵات ولێپرسینەوە لە کەم وکورتی لێپرساوەکانیان وجێ بەجێکردنی داواکاریەکانیان .

**چوارەم :** دڵنەرمی وهەڵسوکەوتی شیاو لەگەڵ هاوڵاتیان وئامۆژگاری کردن وگوێ گرتن لە ئامۆژگاری ئەوانیش .

**پێنجەم :** ئەبێت لێپرساوان لەهەموو بوارە جیاجیاکانی ژیاندا سەرمەشقێکی جوان بن بۆ هاوڵاتیان، لە جێ بەجێکردنی فەرمانەکانی پەروەردگار ودونیا نەویستی و دادپەروەری وخەمخواردنی کەسانی تر وبەخشینی ماڵوسامان ونەبەردی وئازایەتی وفیداکاری، چونکە خوای گەورە لە وەصفی پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : (لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا) {الأحزاب :٢١} واتە : بەڕاستی پەیامبەری خوا چاکترین نموونەی ڕێك و پێکی وسەرمەشقە بۆتان، دەسا ئێوەش لەدڵسۆزیی وسیاسەتی وتێکۆشان وئارامیی وتەقوایی وتەواوی بوارەکانی ژیاندا چاوی لێبکەن وبەدوایدا بچن، بەتایبەتی بۆ ئەوکەسەی، کە بە تەمای خواو ڕۆژی دواییە، ویادی خواش زۆر دەکات .

ئەمە واجبات و ئەرکی لێپرساوی موسڵمانان بوو بەرامبەر هاوڵاتیان، بەیارمەتی خوای گەورە لە ووتارێکی تردا ئەرك و واجباتی هاوڵاتیانیش بەرامبەر کاربەدەستان ئەخینە ڕوو .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم